

لانه ئاسۆ

## لەخۆرئاوابـوونەوە ڕووناکـی نابینم

وام لێهاتووە، لەخۆرئاوا بوونەوە ڕوناکی ببینم

لەمیهرەبانیتا درۆ....

دەمەوێت ئەو دڵەت دەربهێنم و

بیگرمە چوارچێوە

لەمۆزەخانەی بێدارانا

بیکەمە نموونەی بۆگەنی.

***

تۆ چۆن توانیت

جیا ببیتەوە

لەساتێکدا کەئێمە

ئاوێتەی یەکتری بووین،

وەك چۆن

نۆتە لەژێکان بەرز دەبیتەوە

باوەش بۆ سەمفۆنیاکانی ئەوین دەکاتەوە و

نەغمەی عیشقمان بۆ دێنن؟

چۆن توانیت ڕۆحم لەجەستەم جیا کەیتەوە و

فڕێی دەیتە بەر پێی ڕێبواران؟.

***

من چیتر گومانم هەیە

لەوشەی میهرەبانی

گومانم هەیە لەبوونت،

هەموو نەخۆشییەکانی ببینم

بزانم!

کامیان وەك تۆ ڕووخێنەرە؟

ئەی شارەزا

لەدوونیای ئەوین.